# بانگەواز بۆ خۆپیشاندان لەبەردەم
# ئۆفیسی ئەمنستی ئینتەرناشیونالْ
# لە ئەمستردام-هۆڵەندا

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە هۆڵەندا، کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق-کۆمیتەی هۆڵەندا، هەڵدەسن بە سازکردنی خۆپیشاندانێك لەبەردەم ئۆفیسی ئەمنیستی ئینتەرناسیونالْ لەشاری ئەمستردام، لە پێناوی پشتیوانی لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و خواستە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان کە ماوەی چەند ڕۆژێکە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتۆتەوە.

دەسەڵاتداریێتی ئەحزابی کوردی 15 ساڵە دەستیان بەسەر ئیمکانات وداهاتی کۆمەڵگای کوردستاندا گرتووەو جگە لە بەڵێنی درۆ و فریودانی خەڵکی سەرەتایی ترین خزمەتگوزارییان بۆ شارەکانی کوردستان ئەنجامنەداوە. سەرباری ئەوەش کۆمەڵگای کوردستانیان لەژێر 40 پلەی گەرمی و بەرەوژووری هاویندا ڕەهاکردووە، نە ئاو نە کارەبا نە بەنزین و سووتەمەنییان بۆ خەڵك دابین نەکردووە، کاتێکیش خەڵکی کارد بە ئیسکیان گەیشتووەو ڕژاونەتە سەر جادەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەردەبڕن، ئەو دەسەڵاتە بە تەقە وەڵامی داخوازییەکانیان دەداتەوە. ئەمە ئیتر ئەوپەڕی سووکایەتی کردنە بە ئازادی، بە مافی مرۆڤ، بەکۆمەڵگاو بە مرۆڤایەتی. نابێت ئەم بیْ ڕێزیکردنە بە خەڵکی کوردستان هەروا بەردەوام بێت!

بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دەسەڵاتداریێتی کوردی ناچاربکریْ ڕێزبگرێت لە خەڵك و خواستەکانیان جێبەجێبکات، بۆ ئەوەی دەسهەڵگرن لە مامەڵەی نامرۆڤانەیان لەگەلْ خەڵك و ئازادییەکانیاندا، بانگەوازی سەرجەم ڕێکخراو و دەستەوکۆمەڵە کوردییەکان و سەرجەم کوردەکانی دانیشتووی ناو هۆڵەندا دەکەیەن بۆ بەرگری لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان لە دژی گەندەڵی و ڕاووڕووت، بەشداری ئەم خۆپیشاندانە بکەن.

وە هەر لێرەوە بانگەوازی پێکهێنانی دەستەی داکۆکی لە ئازادی و خواستەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین لەلایەن بەشداربووانی خۆپیشاندانەکەو هەر کەس و لایەکی ترەوە. با ئەم خۆپیشاندانە یەکەم هەنگاومان بێت.

خواستەکانی ئە خۆپیشاندانە بریتین لە:

1- ئازادکردنی هەموو گیراوەکان بەبیْ مەرج و دواکەوتن.

2- دەسگیرکردن و داداگاییکردنی هەموو ئەوانەی تەقەیان لە خۆپیشاندانی خەڵکی کردووە.

3- بەڕەسمیناسینی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ئازادی خۆپیشاندان ومانگرتن!

4- دابینکردنی ئاو و کارەباو بەنزین و سووتەمەنییەکان بۆ تەواوی شارەکانی کوردستان.

***فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە هۆڵەندا***

***کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی***

***حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق-کۆمیتەی هۆڵەندا***

*2006-8-15*

***کات و شوێنی خۆپیشاندانەکە:***

**ڕۆژی هەینی** 18-08-2006**کاتژمێر** 14:00 **هەتا** 16:00

**بەردەم ئۆفیسی ئەمنیستی ئینتەرناسیوناڵ**

***ئەدرەس:***

Keizersgracht 179
Amsterdam

**لە سەنترالْ ستاشیۆنی ئەستردامەوە دەتوانن بە ترامی ژمارە** 13 **و** 17 **بێن و لە ویستگەی** westermarkt **دابەزن.**